نێچیرڤان بارزانی و شێبانی جەختیان لە گرنگیی پاراستنی مافی پێکهاتەکان لە سووریا کردەوە



سەرکی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەرەوەی سووریا، پێوەندییەکانی نێوانیان و دوایین پێشهاتەکانی دەخی سووریا و کاریگەرییەکانی لەسەر ئارامی و سەقامگیریی ناوچەکە تاوتوێ کرد، هەروەها هەردوولا جەختیان لە گرنگیی چارەسەرکردنی تێنگژەکانی سووریا و پاراستنی مافی هەموو پێکهاتەکان کردەوە.

سەرکایەتیی هەرێمی کوردستان لاگەیندراوەکی بۆ کردووەتەوە و تێیدا ئاماژەی داوە، پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە 14ی شوباتی 2026، لە پراوێزی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن، نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەسعەد شێبانی، وەزیری دەرەوەی سووریا کۆبوونەوە.

لە لاگەیندراوەکەدا هاتووە، لە کۆبوونەوەکەدا، پێوەندییەکانی سووریا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، دوایین پێشهاتەکانی دەخی سووریا و کاریگەرییەکانی لەسەر ئارامی و سەقامگیریی ناوچەکە تاوتوێ کران. هەردوولا جەختیان لە گرنگیی چارەسەرکردنی تێنگژەکانی سووریا و پاراستنی مافی هەموو پێکهاتەکان کردەوە.

بەگوڕی ئاگەیەندراوەکە، هەر لە کەبوونەوەکەدا، باس لە دۆخی مرۆیی ئاوارەکان و بڕوودان بە دیالۆگی نیشتمانی لێپێناو داهاتوویەکی سەقامگیر بۆ وڵات کرا. هەروەها وەزیری دەرەوەی سووریا ستایشی ئەو سەرکردایەتیی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ ئەکتیڤوتنی دیمەشق و هەسەد و هاوکاریکردنی ئاوارەکان و هەوڵەکانیان بۆ پاراستنی سەقامگیری لە ناوچەکەدا.

سەرکایەتیی هەرێمی کوردستان دەشڵێت: لای خۆیەوە نێچیرڤان بارزانی، هیوای سەرکەوتن و ئارامی و سەقامگیریی بۆ سووریا خواست، هەروەها جەختی لە گرنگیی پاراستنی مافەکانی کورد لە دەستووری داهاتووی سووریای یەکگرتوودا کردەوە.